

# ڕێناس وریا
# بە یەکجاری کوردستان جێدەهێڵێت

فۆتۆ: کەمال ئاکرەیی

کچێکی خاوەن دەنگێکی خۆش کە هەر کەسێك گوێی لێبگرێت هەست بە ڕەسەنایەتی دەکات، ڕێناس وریا جیا لە زۆر لە هونەرمەندان کاتێك هاتە نێو بواری گۆرانی کوردی زیاتر لایەنە ڕەسەنەکەی هەڵبژارد واتە سوودی زیاتر لە گۆرانییە کۆن و فۆلکلۆرییەکان وەرگرت و دووبارە بە شێواز و ستایلی تایبەتی خۆی زیندووی کردنەوە و بە بیری گوێگرانی دەهێنانەوە، لەو کارەشیدا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتنی بەدەستهێنا، جگە لە بواری گۆرانی و موزیك ڕێناس وەك ئەکتەریش بەشداری لە فیلمی (ژانی گەل)دا کرد ولەو بوارەش سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێنا ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زیاتر ناوی بدرەوشێتەوە و بناسرێت لە لایەن جەماوەرەوە، بەڵام ئەم جارەیان وەك ئەکتەرێکی سینەمایی، لە پەیوەندییەکدا ڕێناس وریا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

سەرەتا ڕێناس سوپاسگوزاریی خۆی پێشکەش بە گۆڤاری گوڵان کرد بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە و گوتی: زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیەو هیوای سەرکەوتن بۆ گۆڤارەکەتان دەخوازم بۆ خزمەت کردنی هونەری کوردی و لەوێشەوە خزمەت کردن بە بزاڤی ڕۆژنامەوانی لە کوردستان، ئەم بەسەرکردنەوەی ئەوە دەسەلمێنێت کە ئێوەش بەشێکن لە جەماوەر.

*** دەتوانین بڵێین دەرکەوتنی تۆ و ناسینت لە لایەن جەماوەرە بۆ بەشداری کردنت دەگەڕێتەوە لەگەڵ گرووپی ژێداری کوردستان، بەڵام ئایا یەکەم بەشداری کردنت کەی و چۆن بوو؟**

- ڕاستە ڕەنگە لەگەڵ دەرکەوتنم لە گرووپی ژێداری کوردستاندا زیاتر لای جەماوەر ناسراو بووبم، بەڵام دەسپێکی کارە هونەریەکانی من دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی یەکەمی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٤.

*** هەستت چۆن بوو وەك ئافرەتێك و گۆرانیبێژ بەشداریت کرد لە فیستیڤاڵێکی جیهانی موزیك لە نەمسا؟**

- گومان لەوەدا نییە کە هەستێکی شاد و مێژوویی بوو بەشداریکردنم لە فیستیڤاڵێکی جیهانی بەو شێوەیە. لێرەوە دەمەوێ سوپاسی هەموو ئەو برا هونەرمەندانەی گروپی ناڵی بکەم کە ئەرکیان کێشابوو لەکاتی فیستیڤاڵەکەدا.

*** بۆچی ڕێناس وریا بەرهەمی تایبەت بەخۆی کەمە یان هەر نییە؟**

- لە ژیانی هونەریمدا زۆر لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانم وتۆتەوە جا چی لە فیستیڤالە هونەریەکانی پەیمانگە بێت یان لە کۆنسێرتەکان، بۆ نەبوونی بەرهەمێك کە تایبەت بێت بە ڕێناس دەڵێم من بەرهەمی تایبەت بە خۆم هەیە، بەڵام تۆمارم نەکردوون هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئەم شێواز و ستایلە هونەرییەی کە خۆمی تیادا ببینمەوە.

*** دوای گەڕانەوەت، وەك ئەکتەری سەرەکی بەشداریت کرد لە فیلمێکی سینەمایی، چۆن بوو بۆ فیلمی (ژانی گەل) هەڵبژێردرای؟**

- هەڵبژاردنی من بۆ فیلمی ژانی گەڵ لە لایەن دەرهێنەرو خانەوادەی ڕۆمانەکە بوو، بەشداریکردنیشم خۆ بەخشانە بوو، تەنیا بۆ ئەوە بەشداریم کرد کەوا بتوانم لە ڕێگای ئەم فیلمەوە خزمەتێك بە هونەری سینەمای کوردی و ڕۆمانەکە بکەم.

*** بەشداری کردن لە فیلمێکی سینەمایی بەو قەبارە کارێکی ئاسان نییە، چی هانیدای کە ڕازی بی بە وەرگرتنی ئەم ڕۆڵە؟**

- بەڵێ ڕاستە ئەم فیلمە کارێکی گەورە بوو،بەڵام ڕازی بوونم بە بەشداری کردن لەو فیلمەدا و وەرگرتنی ئەو ڕۆڵەی پێم سپێردرابوو هەر وەك وتم زیاتر بۆ ئەوەی کە بتوانم خزمەتێك بە سینەماو ڕۆمانەکە بکەم.

*** تا چەند دڵنیا بووی لە سەرکەوتنی خۆت لە سینەما و لە فیلمێکی بەو قەبارە؟**

- هەموو سەرکەوتنێك لە هەر کارێکی هونەریدا خۆ ئامادەکردن و هەوڵدانێکی زۆری دەوێت، منیش لە سەرکەوتنم لە بینینی ئەو ڕووەوە تا ڕادەیەك دڵنیابووم.

*** لەو تاقیکردنەوە سینەماییە لە ڕووی نواندنەوە چی فێر بووی؟**

- بە دڵنیاییەوە هەموو کار و تاقیکردنەوەیەك لە ژیاندا بەتایبەتی لە ژیانی هونەری کە هونەرمەندێك خۆی تیایدا ببینێتەوە سوودی



زۆری بۆی دەبێت جگە لەوەی زیاتر لەو کارە فێر دەبێت و شارەزایی و پسپۆری پەیدا بکات لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی ئەوەی کەسایەتی ئەو هونەرمەندە دەوڵەمەندتر دەکات و سەنگێکی زیاتری پێ دەبەخشی هەموو ئاستەکاندا.

*** دوای (ژانی گەل) هیچ داواکاری دیکەت پێشکەش کرا بۆ بینینی ڕۆڵی دیکەی لەم جۆرە؟**

-بەڵێ لە چەند لایەکی ترەوە داوام لێکرا بەڵام من ڕازی نەبووم بە بەشداری کردن تیایاندا و بینینی هچ ڕۆڵێکی دیکە.

*** ئێستا خۆت یەکلایی کردۆتەوە لەنێوان گۆرانی و نواندندا یان بە نیازی شان بە شانی یەکتر لە هەردوو بواردا بەردەوام بی؟**

- بەڵێ من هەر لە سەرەتای دەستپێکی ژیانی هونەریم ( گۆرانی و میوزك)م هەڵبژاردووە، ئەم بەشداری کردنەشم لە فیلمی سینەمای کوردی (ژانی گەڵ) بە ڕێکەوت بوو، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم بەردەوام دەبم بە درێژەدان بە هونەری گۆرانی و میوزیکی ڕەسەنی کوردی واتە سەنگ و قورسایی زیاتر دەخەمە بواری گۆرانی و موزیك.

*** ڕێناسی ئەکتەر و ڕێناسی گۆرانیبێژ چ جیاوازییەکیان هەیە و چ شتێك کۆیان دەکاتەوە؟**

- وەکو ڕێناس هیچ جیاوازییەکیان نییە تەنها جیاوازی لە شێوازی کارەکاندا دەبینم، هەردوو لا هونەرین، بەڵام شێوەی پێشکەش کردنیان بە جەماوەر جیاوازە .

*** لە کام بوارد زیاتر سەرکەوتووی (نواندن یان گۆرانی)؟**

-هەر وەك ئیشارەتم پێدا من هونەری گۆرانی و میوزیکم خوێندووە و سەرەتاش هەر بە گۆرانی دەستم پێکردووە، ئەم هەڵسەنگاندنەش کە ئایا لە کام بوار زیاتر سەرکەوتووم ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ جەماوەر.

*** چۆن بوو رووت لە گرووپی کیژانی سلێمانی کرد؟**

- هەر لە سەرەتای دامەزراندنی گرووپی کیژانی سلیمانییەوە من دەستم بە کاری هونەری کردووە لەگەڵیاندا واتە پەیوەندیم پێیانەوە کرد کە بە سەرپەرشتی مامۆستاو باوکی بەڕێزم مامۆستا (ئەنوەر قەرەداغی) بەڕێوە دەچێت و تا ئەوە کاتەی کە سەفەرم کرد بۆ ئەمریکا هەر لەگەڵیاندا بەردەوام بووم.

*** پێت وایە گرووپی کیژانی سلێمانی چ ئیزافەیەکیان خستبێتە سەر کاروانی هونەری ئافرەتانی کورد؟**

- تیپی کیژانی سلیمانی تەنها گروپە لە کوردستان کە هەموو ئەندامەکانی میوزك ژەن و گۆرانیبێژەکانی کیژ بن، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەستپێشخەری وهەنگاوێکی گەورەو جوانە لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریماندا، هەروەها بوونی ئەم گرووپە هاندانێکیش دەبێت بۆ کیژانی هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان کەوا پەرە بە بواری هونەری خۆیان بدەن و ئەم سنوورە ببەزێنن و شانبەشانی هونەرمەندانی کوردستان بەرهەمی خۆیان پێشکەش بکەن.

*** ئێستا لە دەرەوەی کوردستانی ئایا ئەم ڕۆیشتنەت یەکجارییە یان کاتییە؟**

-من ژیانی هاوسەریم لەگەڵ میوزك ژەن(نەجات) پێکهێناوەو ژیان بەیەکەوە دەبەینە سەر لە ئەمەریکا و ڕۆیشتنی من یەکجارییە، بەڵام لێرەوە بەردەوام دەبم لە سەرکارە هونەرییەکانی خۆم.

## نارین فەقێ:

# ئەوەی بە دڵسۆزی کار بکات تووشی ئاستەنگ نابێتەوە



***نارین فەقێ خاوەن دەنگ و سەلیقەیەکی هونەری زۆر بەرزە ویەکێکە لە خانمە دەنگخۆشەکان کە هەر چەندە بەرهەمی هونەری کەمە و تا ئێستا تەنیا دوو بەرهەمی هەیە، بەڵام توانیویەتی بوونی خۆی بسەلمێنێ وەك یەکێکم لە ئافرەتە هونەرمەندە هەرە سەرکەوتووەکان، کەمی بەرهەمەکانی نارین فەقێ نەبووەتە هۆی ئەوەی کە توانا و بەهرەی هونەری بشاردرێنەوە یان وەکو پێویست جەماوەر ئاشنا نەبن و درك بەوە نەکەن کە ئەم ئافرەتە هونەرمەندە یەکێك دەبێت لەو هونەرمەندانەی کە هونەرێکی رەسەنی کوردی پێشکەش بە جەماوەری دەکەن، کەمی بەرهەمەکانیشی دەگەرێتەوە بۆسەرقاڵ بوونی بوو بە خوێندنەوە، چونکە تا ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا قوتابی بوو، بەر لە ماوەیەك دووەم بەرهەمی خۆی بەناوی (هێڤی) بڵاوکردەوە لەم دیمانەیەدا نارین بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.***

*** هەر هونەرمەندێك بەر لە بڵاوکردنەوە و دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی خۆی هەندێك گۆڕانکاری ئەنجام دەدات لە شێوازی گوتنەوەی گۆرانی، ئایا بەرهەمی (هێڤی) چ کاریگەری لەسەر تۆ هەبوو؟**

- وەك هونەرمەندێك من بەشێوەیەکی زیاتر لە خەڵك شارەزای ئەو ستایلەم کە گۆرانی پێ دەڵێم، هەروەها زیاتریش درك بەوە دەکەم کە چ جۆرە هۆنراوە و ئاوازێك هەڵبژێرم بۆ گۆرانییەکانم کە گونجاو بن لەگەڵ ئەو ستایلەی من پێی ناسراوم بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بم.

*** هەر بەرهەمێکی هونەری لایەنی باش و هەندێك جار لایەنی خراپیشی هەیە، بەرهەمی تۆ (هێڤی) لە چ لایەکەوە خراپ بوو و لە چ لایەکەوە باش بوو؟**

- باشی یاخود با بڵێین لایەنی باشی دوایین بەرهەمم (هێڤی) ئەوە بوو کە من لەم بەرهەمەدا هەندێك ئاوازی جیاوازم بە کارهێنا و پێشکەشی جەماوەری خۆم کرد، ئەوەی زیاتر جێگای خۆشحاڵی من بوو کە جەماوەرەکەم پێشوازییەکی باشیان لێکرد، بەڵام لایەنی خراپی ئەوەیە کە کاتێك مرۆڤ وەك هونەرمەندێك دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی خۆی هەندێك کەموکوڕی تەکنیکی بۆ دەرکەوێت و باکگراوەندی گۆرانییەکانی دەبینێت، مەبەستم ئەوەیە هەر هونەرمەندێك دەیەوێ هەموو کاتێك سەرکەوتوو بێت و ئەو کارەی پێشکەشی دەکات بە دڵی جەماوەرەکەی بێت و لێی رازی بێت کە ئەمەش ئامانجی هەموو هونەرمەندێکە لێرەدا دەمەوێ شتێك بڵێم کە پێشتریش چەند جارێکی دیکە دووبارەم کردۆتەوە ئەویش ئەوەیە ئەگەر هونەرمەندێك سەرکەوتوو بێت و کاری جوان پێشکەش بکات ئەو کات شاعیر و ئاوازدانەر و میلۆدی دانەرەکان خۆیان بەدوایدا دەگەرێن بۆ ئەوەی شیعر و ئاوازەکانی خۆیانیان پێشکەش بکەن، چونکە ئەوانیش حەز دەکەن ناویان لەگەڵ هونەرمەندێك بڵاو بکرێتەوە کە بەراستی هونەرمەند بێت و لە لایەن جەماوەرەوە ناسراو بێت و ئەو کارانەی پێشکەشیان دەکات سەنگ و بەهای خۆی هەبێت، بۆیە دەڵێم بوونی شیعر و ئاواز مەسەلەیەکە پەیوەستە بە ئاستی ئەو هونەرمەندەوە.

*** بەر لەوەی بەرهەمەکەت بڵاویکەیتەوە راتگەیاند کە زووتر دەزانی کۆپی دەکرێت، ئەم پێشبینییەت راست دەرچوو، تۆ لە لایەنی ئابوورییەوە چەند زیانت پێکەوت؟**

- هەڵبەت هونەرمەندی کورد زۆر ئازار دەکێشێت تا دەتوانێت بەرهەمێك بڵاو بکاتەوە و پێشکەشی جەماوەری بکات من ماوەی دوو ساڵ خەریکی ئەنجامدانی ئەو

سیدییە بووم و ئەرکێکی زۆرم بۆی کێشاوە، من وەکو ئافرەتێکی هونەرمەند و رۆشنبیر دەخوازم خزمەتێك پێشکەش بە میللەتەکەی خۆم بکەم ئەویش بەرهەمێکی هونەرییە لە لایەنی تۆمار کردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمم تا دەگاتە قۆناغــی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ کلیپ، هیــوادارم لە پاشــەڕۆژدا دەزگا کوردییەکان لە بــواری ئابوورییەوە بتوانن هاوکاری هونەرمەندانی خۆیان بکەن لە زۆر رووەوە کە پەیوەنــدی بە کاری هونەرییەوە هەیە، هەمووومان دەزانین لایەنی ئابووریش کاریگەرییەکــی زۆری بەســەر هونەرەوە هەیە، بۆیە دەڵێم یارمەتیدانی هونەرمەندان لە لایەنی ئابوورییەوە ئەرکێکی پێویستە.

*** ئێســتا لە نێــو هونەرمەندانی کورد ئاراستە و ســتایلی جودا جودا پەیدابوون، بەتایبەت لەنێــو گۆرانیبێژە ئافرەتەکانەوە، دید و بۆچوونتان چی[redacted] ئەم ستایلە جۆراوجۆرانە؟**

- هەر هونەرمەندێ[redacted] و کلتووری و کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی هەیە کــە لە هەموو روویەکــەوە جودایە لەگەڵ هونەرمەندێکی دیکە، گۆرانیش حەزە و هەر مرۆڤێ[redacted]ك حەزی لە گوێ گرتنە شــێواز و دەنگ و ستایلێکی هونــەری تایبەتــە.[redacted] هونەرمەندێك دەتوانێت بە ئاراستە و ستایلێکی دیاریکراو و تایبەت شــێواز یان رێگایەك هەڵبژێرێت ئینجا لەســەر ئەم[redacted]ێگایەی کە هەڵیبژاردووە بەردەوا[redacted] دەبێت.

*** ئافرەتی کورد هەردەم واناسراوە کە زوڵــم و دۆردا[redacted] بەرامبەری بەکاردەهێنرێت لە لا[redacted]نی پیاوانەوە، بــەڕای تۆ ئایــا [redacted]ــەم جیاوازییە لەنێوان هونەرمەند کوردەکان بەدی دەکرێــت یاخــود پیاوە هونەرمەندەکانیــش جیــاوازی دەکــەن لەنێــوان خۆیــان و ئافرەتــە هونەرمەندەکان؟**

- لێــرەدا ناتوانین بڵێیــن ئــەم دیاردەیە تەنیا لە نێوان هونەرم[redacted]ندانی کــورددا هەیــە، ب[redacted]ڵکو ئەم گرفتە لەنێو هەموو هونەرمەندانی جیهاندا هەیە و بە باشی هەستی پێدەکرێت، لەوانەیە ئەم زوڵم و زۆرەی کە لە کۆمەڵگای کوردیدا هەیە زیاتــر بێت، مخابن ئەمە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەیە بەشێوەیەکی گشت، چونکــە ئافرەتی کورد زیاتــر دووچاری زوڵم و زۆرداری بووەتەوە، من هەســت بە دڵتەنگییەکی زۆر دەکەم کاتێك دەبیســتم کــە ناهەقی و زوڵــم لــە ئافرەتی کورد دەکرێت،یەکســانی نێوان ئافــرەت و پیاو یەکێکــە لە کارە هەرە پێویســتەکانی هەر کۆمەڵگایەك و پێویســتە بــاش لەم کارە تێبگەین، من پێموایە ئافرەت و پیاو دەبێ یەکسان بن لە کۆمەڵگا و لەبەردەم یاسادا، چونکــە ئەگەر یەکســانی نەبێت لە نێوان ئافــرەت و پیاو بە هیچ شــێوەیەك نابینە خاوەن وڵاتێکی پێشکەوتوو.

*** هــەر هونەرمەندێك دوای بەرهەمی یەکەمــی ( ئەگەر باش بێــت یان خراپ ) یەکســەر بیر لــە بەرهەمــی داهاتووی دەکاتــەوە، تۆ چۆن خۆت بــۆ بەرهەمی داهاتووت ئامادە دەکەیت؟**

- هەڵبەت وەك رۆشنبیر وهونەرمەندێك، کاتێك مرۆڤ بریــار دەدات کە خزمەتی هونــەری خۆی و نەتەوەکەی بکات، باوەڕ ناکەم هیچ ئاستەنگێکی ئەوتۆی بێتە سەر رێگا کە بەرهەمێکی نوێتر بڵاو نەکاتەوە یان بیری لێ نەکاتەوە، چونکە هەر بەرهەمێك یان گۆرانییەك کە سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە لایەن جەماوەرەوە ئەوا هونەرمەندەکە بیر لەوە دەکاتەوە بەرهەمێکی نوێتر پێشــکەش بکات کە زۆر لە بەرهەمی یەکەمی باشتر بیت.

*** لەکارەکانــی داهاتوودا زیاتر لەگەڵ کــێ کار دەکــەی و پێشــبینی دەکرێت چ جیاوازییەک[redacted] هەبێــت لەگــەڵا یکەم بەرهەمت؟**

- لــە بەرهەمی داهاتوومدا ســوود لە [redacted]وتوو و ئاوازی رەسەنی کوردی وەردەگرم[redacted]ەگەر بمەوێ شــوێنی خۆم بەباشی بهێ[redacted]ەوە، بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەم شتی[redacted]وێ و خۆشتر پێشکەش بە جەماوەری [redacted]م بکەم.

*** چ مۆ[redacted]یەکــی نوێــت نییــە پێشکەش[redacted] جەمــاوەری خۆتــی بکەیت؟**

- هەوڵ [redacted]دم کە لە پاشــەڕۆژدا بەردەوام ب[redacted]ەســەر پێشکەشکردنی گۆرانی نوێ بە ئاوازی رەســەن و هۆنراوەی دڵگیر لە هەمان کات حەز دەکەم بەردەوا بم کە کلیپی جوان و پرۆفیشن[redacted] بۆ گۆرانییەکانم تۆمار بکەم و[redacted]ێشکەشــی جەماوەری خۆمی[redacted]کەم، چونکە بەراســتی ئەو کلی[redacted]ــە کوردیانەی ئێســتا پێشکەش دەکرێن هەموویان لە زۆر رووەوە وەك[redacted]کن، هەمان سیناریۆیان هەیە لە زۆر[redacted]اندا سەما هەیە و هیچ هەماهەنگــی و گونجانێك لە نێــوان گۆرانییەکە و ســیناریۆی کلیپەکەدا نییە.





## هالی بیری
## دیسان سەرنجڕاکێشترینیانە

بۆ چەندین جار خانمە ئەکتەری ئەمریکی هالــی بیــری بە یەکێــك لــە جوانترین و سەرنجڕاکێشــترین ئەســتێرەکانی هۆڵیــۆد دەستنیشان کرایەوە.

ئەم جارەیان بە پێی ڕاپرسییەکی ماڵپەڕی باراد دۆت کۆم بۆ هەڵبژاردنی سەرنجڕاکێشترین و جوانترین ئەستێرەکانی هۆڵیۆد، هالی بیری پلەی یەکەمی بەدەســتهێنا و جۆنی دیبیش بە پلەی یەکەم هات لەنێو پیاوەکان و جنێڤەر گارنەریش بە پلەی یەکــەم هات لە بواری جوانی سروشتییەوە واتە بەبێ جوانکاری، لە لایەکی دیکەوە دەنگو باسی ئەوە بڵاوکرایەوە کە هالی بیــری چاوەڕێی منداڵێکی دیکە دەکات ئەویش بە ڕێگای پیتاندنی دەستکرد، باوکــی منداڵەکەی هالی کە نمایشــکاری جلوبەرگــی ئەمریکی گابریــال ئۆبیرییە خۆشــحاڵی خۆی بەو هەواڵە دەربڕی و بە موعجیزەیەکی زانستی وەسف کرد،چونکە لە منداڵی یەکەمیان هالی تووشی گرفتی زۆر هاتەوە.


گولان
ژمارە (٧٥٦)


## ڕۆبی دەبێتە پێشکەشکار و نەریت شکێن

کچە گۆرانیبێژی میسری ڕۆبی ڕایگەیاند کە ئێســا خۆی ئامادە دەکات بۆ دەستپێکردنی تاقیکردنەوەیەکی نوێ کە بۆ یەکەم جارە خۆی تێدا دەبینێتەوە ئەویش پێشکەش کردنی بەرنامە تەلەفزیۆنیە.

ڕۆبی هەروەهــا ڕایگەیاند کــە بیرۆکەی بەرنامەکە نوێیە و تا ئێستا بەرنامەی لەو جۆرە پێشکەش نەکراوە، بەڵام ماوەیەکی زۆرە بێدەنگی نواندووە و ئێســتاش ئامادە نییە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەربارەی بەرنامەکە بە هیچ لایەك بدات ئەمــەش بە گوێرەی ئــەو ڕێکەوتننامەی کە لەگەڵ کەناڵەکە بەرهەمهێنەکەیدا کردووە بەوەی کە لەم کاتەدا هیچ زانیاریەك نەدرکێنێ.

لە لایەکی دیکەوە ڕۆبی خۆی ئامادە دەکات بۆ بەشــداری کردن لە فیلمێکی نوێ کە تێیدا چوار گۆرانی پێشــکەش دەکات بە شــێوە و ناوەڕۆکی جیاوە و فیلمەکە باس لە کێشەکانی ئافرەت دەکات بە شــێوەیەکی گشتی و تێیدا ڕۆبی ڕۆڵی کچێــك دەبینێت بە ناوی (وعد) کە دەرچــووی زانکــۆی ئەمریکییە و هەوڵ دەدات ئازادی تەواوی خۆی بەدەســت بهێنێت و دابونەریتە کۆنەکان بشــکێنێت، چونکە دەبنە ڕێگر لەبەردەم هێنانەدی خەونەکانی، بەڵام لە هەمان کاتد کچێکــی جددییە بۆیە دووچاری گیروگرفتــی زۆر دەبێتەوە، ڕۆبی ئەوەشــی ڕاگەیاند کە بیرۆکەی فیلمەکە زادەی خەیاڵی خۆیەتی و ئێســتا چەندین سیناریست ئامادەن بۆ ئەوەی ســیناریۆکەی بنووسنەوە هەروەها تا ئێستا دەرهێنەرەکەش دیاری نەکراوە.

سەرچاوە/ ایلاف





## عەلی ئەلحەجار: گۆرانیش حەڵاڵ و حەرامی هەیە

هونەرمەندی میســری عەلی ئەلحەجار کە بەم دواییــە قورئانی پیرۆزی بە دەنگی خۆی تۆمــار کردووە ڕایگەیاند کــە هونەرمەندێکی وەك عەمــرو دیاب ئەگەر بــە دەنگی خۆی قورئانــی پیرۆز تۆمار بکات ئەوا لەبەر ئەوەی دەنگی خۆشە و خاوەن جەماوەرێکی زۆرە و بە نموونەیەکی بەرز دادەنرێت لە لایەن گەنجەکانەوە ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم گەنجانە گوێ لە قورئانەکەی عەمرو بگرن زیاتر لەوەی گوێ لە قورئانی قورئان خوێنە بەناوبانگەکانی دیکەی میسر دەگرن.

عەلی ئەلحەجــار هەروەها گوتی: قورئان خوێندن پاداشتێکی گەورەی هەیە و سوودێکی زۆری بۆ خەڵکی تێدایــە، من چەندین کتێبم خوێندووەتەوە لە هیچیاندا باسی ئەوە نەکراوە کە ڕێگر بــن لەبەردەمم بۆ ئەوەی قورئان بخوێنم، ئەلحەجــار هەروەها گوتی: بــەر لە ئێمە ئوم کەلســوم چەند بەشــێکی قورئانی بە دەنگی خۆی تۆمار کرد، ئەگەر حەرام بوایە ئەوا شێخ و زانایانی ئەزهەر ئەو کاتە ڕێگایان پێی نەدەدا، هەروەها ئیمام محەمەد غەزالیش دەفەرمویت: گۆرانی گوتنیش وەك هەر شتێکی دیکەی ئەم دونیایە حەڵاڵ و حەرامی خۆی هەیە.

لە لایەن خۆیەوە دکتۆر فەرەحات ســەعید ئەلمەنجــی دووپاتی کردەوە کە زۆر ئاســاییە عەلی ئەلحەجار قورئان بە دەنگی خۆی تۆمار بکات، بەڵام بە مەرجێك لە هەموو شــێوەکانی هونــەر دوور بکەوێتەوە، چونکە ناکرێ بەیانی لە ڕادیــۆ خەڵك گوێ لە قورئان خوێندنەکەی بگــرن و ئێوارەش لە ئاهەنگێکدا گۆرانی (آە یا عین وآە یا لیل) بڵێت.

## ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# فیلمێک لەسەر ژیانی پاشای پۆپ زۆرترین جەماوەری بۆ خۆی راکێشا

### "مایکل جاکسۆن" ئەو پۆپ بێژەی وێنەیەکی تری وەک ئەو درووست نابێتەوە

مایکل جۆزێف جاکسۆن لەسالأنی ١٩٥٨-٢٠٠٩ ژیاوە، هونەرمەندێکی گەورەی جیهانی بوو، گەورەیی ئەو لەوە دابو کەوا تەنها گۆرانیبێژ نەبوو، بەڵکو هەریەك لە (میوزیکڤانی، گۆرانیبێژی، سەما، شاعیر، بەرهەمهێنەر) لەودا کۆببوٚوە، هەر بۆیەش بەپاشای "پۆپ" ناسراوە.

(پۆپ هونەرێکی میوزیکی میللیی ئەمەریکا و کەنەدایە و بەجیهانی بوونی ئەم هونەرە بۆ مایکل جاکسۆن و هەندێك هونەرمەندی دیکە دەگەڕێتەوە کە پاش مایکل هاتن وەك: باکستریت بۆیس، مادۆنا، وینتی هیوستن،جۆرج مایکل، بریتنی سپێرز، شاکیرا،.. لەساڵی ١٩٢٦ ئەم ناوەی لێنراوە)

جاکسۆن لەتەمەنی حەوت ساڵییەوە دەستی کردووە بە گۆرانی وتن، لە ساڵی ١٩٨٤ بووە بەئەستێرەیەکی پۆپ، و ئەلبوومی thrillerی مایکل بە پڕفرۆشتین ئەلبوومی گۆرانی دەژمێردرێت لەمێژوودا ئەمەش بە فرۆشتنی زیاتر لە ١٠٤ ملیۆن دانە، و لەماوەی ژیانیدا زۆرترین پلەو نازناوی بەدەست هێناوە، لەوانە: ١٣گۆرانی ئەو بووەتە باشترین گۆرانی ئەمەریکا، باشترین گۆرانیبێژی سەدە، تێکڕای ئەلبومەکانی زیاتر لە ٧٥٠ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە.

ئەوەی ماوە بیڵێین جاکسۆن بەدەستی خۆی ئەم نازناوانەی بۆخۆی بەدەست هێناوە، و هەر بەدەستی خۆیشی خۆی توشی شکستی گەورە کردووە، کەپێویست ناکات لێرەدا باسی بکەین، چونکە ئەوەی فیلمی (Michael Jackson's This Is It) ببینێت تەواوی راستییەکانی بۆ دەردەکەوێت کە بە کۆکۆدنەوەی زیاتر لە ٢٣ ملیۆن دۆلار بو بەباشترین فیلمی ئەم هەفتەیە.

ئەم فیلمە لەدەرهێنانی:"کینی ئۆتێگا"، و لەنواندنی: نیك باس، مایکل بیردن، دانیال سیلیبری....

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:




1- (Michael Jackson's This Is It) ٢٣،٢٣٤ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٣،٢٣٤ملیۆن$، بەیەك هەفتە




2- (Paranormal Activity) ١٦،٣٨٧ ملیۆن$، کۆی داهات: ٨٤،٦٢٧ملیۆن$، بە٦هەفتە، پلەی پێشو:١




3- (Law Abiding Citizen) ٧،٤٠٣ ملیۆن$، کۆی داهات: ٥١،٤٨٥ملیۆن$ بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:٤




4- (Couples Retreat) ٦،٤٦٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٨٧،٠٢٦ ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشو:٥.




5- (Where the Wild Things Are) ٥،٩٣١ملیۆن$، کۆی داهات: ٦٢،٦٥٠ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:٣

6- (Saw VI) ٥،٢٧٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٢،٥٣٤ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو: ٢

7- (Astro Boy) ٣،٤٦٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ١١،٣١٦ملیۆن$، بە٢هەفتە، پلەی پێشو:٦

8- (The Stepfather) ٣،٢٠٧ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٤،٥٥٥ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:٨

9- (Cirque Du Freak: The Vampire's Assistant) ٣،٠٩٨ ملیۆن$، کۆی داهات ١٠،٨٠٩ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٩

10- (Amelia) ٣،٠٣٤ ملیۆن$، کۆی داهات ٨،٣٤٠ ملیۆن$، بە ٢هەفتە، پلەی پێشو:١١

ئا: عەبدوڵلا چنگیانی